# تیرور کردنی خەبات لە ناۆ کورد

**غازی محمد**
**ghazikerkuki@hotmail.com**

**من کەسیکم زیاتر تەمەنم لە ناۆ ریزەکانی یەکیتیدا بەسەر برد بە تایبەتی لە کاری ڕیکخستنی نهینی !!!**
**دەزانم ڕۆژگاری ئەوە نەماوە باسێ خەباتۆ دلسۆزی و بکەین چۆنکە لە شوینی خەبات و خەباتگێری وشۆرشگیریدا خەلکانی ماستاۆ چی و مێزرازانەوەو سوزانیەکان و خاینانی دووینی و بەعسیان لە ڕیزێ پیشەوەن لای کۆمەلی لە دەسەلاتداران !!!**

**ووتەیەکی باۆکم هاتەوە یاد سالی هەشتاکان بوو لە مالەوە پینج برا لە ڕیزی ڕیکخستنەکانی کۆمەلە کارمان دەکرد لە ناۆ شاری کەرکوک باۆکمان ئاگادار بوو. کە دەکەوتینە گفتۆ گۆ دەیکۆت کورم بیکەن بەلام لە بیرتان نەچی ئەو پیاۆ خەراپانەی ئیوە باسی دەکەن و خەبات دژی ئەکەن کاتێ گۆرەپانەکە خۆش بێ ئەوە بەیەک میواندارییەکی کاربەدەستان بۆ مالەکانی خۆیان هەر ئەوان لە پیشەوە دەبن ئیمە زۆرمان پی ناخۆش بوو ئەم ووتەیەی باۆکمان دەمانگوت ئەم شورشە وا نابی ئیمە کۆمەلەین دەیگوت دەیبینن بەراستی بەچاوی خۆمان بینیمان وابوو ...؟؟**

**من یەکیکم لەو هەزاران کەسەی گیرۆدەی کیشەی نیوان هەندی لە برادەرانی شاخین**
**زۆر بە کورتی باسیکی خۆم دەکەم لە 1979 وە لە ناو شانەکانی ریکخستنی نهینی کارم کردووە چەند جاریک بەند کراوم دووا جار سالی 1988 بۆ کە زۆر کەس لەو سالدا بروای بە هیچ نەمابوو لە حوکمی اعدام بە لیبوردنی گشتی ئازاد کرام.. لە چەند شوینیک پلەی لیپرسراویم هەبۆ لیپرسراوی کومیتەی یەکی کەرکوک بووم کرام بە کارگیری مەلبەند بە تەعین قەبۆلم نەکرد لیپرسراوی ئیستگەی (  ) دەزگای زانیاری بووم لە چەند شوینیکی تر کارم دەکرد لیپرسراوی بنکەی دووی ریکخستنی نهینی ناۆ کەرکوک بووم کە زۆر ترین ریکخستنی نهینی کەرکوک لەم بنکەیە کاری دەکرد لە 2003 گەرامەوە بۆ کەرکوک بە نیازی کار کردن یەکجاری بەلام ئەمەیان کاتی خۆی دیت باسی بکەم ...وایان لیکردم ((استقالە))وازهینانم نوسی یەکجاری لە ریزەکانی یەکیتی بەلام ووڵامیشم وەرنەگرت تا ئیستا ...؟؟؟؟؟؟؟**

**وا ئەم سالیش یادی ئازاد کردنی کەرکوکە لە 1991 ئەو کاتە خۆم لیپرسراوی چەندین شانەی نهینی بووم لە ئازاد کردنی گەرەکەکانی (( ئازادی..امام قاسم ..ئیسکان باروتخانەکەی ئازادی وشوینەکانی بەعس دەوری خۆمانمان بینی بەبی هیزی پیشمەرگە ئەو شوینانەمان هەمۆ ئازاد کرد بەلام ئەوە چەند سالیکە کۆمەلی کەس خۆیان کردە بە خاوەنی هەمۆ ئەو سەروەریانە لە کەنالەکانی تەلەفزیونی یەکیتی وە بە ناوی خۆیانەوە بلاۆی دەکەنەوە  قسەکانی خۆمان بە خۆمان دەفرۆشنەوە کە بۆیانمان باس کردە .**

**ئیمەش بریارمان دا لەگەلْ کۆمەلی برادەر ئیتر قەبولی نەکەین ئەو راستیانە ئاشکرا بکەین وە بینوسین و بلاوی بکەینەوە بۆ هەمۆ جەماوەر**